## سەروتار

# ئەوانەی ژیان و مردنیان لەمێژوودا دەمێنێتەوە



مامۆستا لەکاتی خوێندنەوەدا

الحمدلله، والصلاة والسلام علی رسول الله، وعلی آلە وصحبە ومن ولاه.. مێژووی گەلەکەمان دەوڵەمەندە بەپیاوی گەورەو خاوەن بەخشش و لەیادنەچوو، لە گشت بوارەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیەدا دەیان خاوەن تواناو بەهرەو بەرهەم بوونیان هەیەو تۆماری ژیانیان بۆ خۆیان و ئێمە جێگای شانازییە، لەناو ئەو پیاوە گەورانەدا زانایانی ئیسلامیی و کەسایەتییە ئایینیەکان هەمیشە پێشەنگ و سەرقافڵەی کاروانە ژیارییەکەی ئەم گەلە بوون و لەهەموو قۆناغەکاندا گورو تینیان بە بزووتنەوەی ژیان داوە.

ئەو پیاوە گەورانەی کوردو ئیسلام لەقۆناغەکانی تێکۆشانی نەتەوایەتی و خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا سەرکردەو هەڵگیرسێنەری شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکان بوون و ساتێك ملیان بۆ ستەم و چەوسانەوە نەوی نەکردووە، مزگەوت و حوجرەکانی کوردستان لانکەی زاناو سەرکردەو ئەدیب و روناکبیران بووە، شێخ سەعیدی پیران و شێخی بەردەقارەمان و قازی موحەممەدی شەهیدو هەموو ئەو خاوەن بیرو بازووە بەهێزانەی کورد کوڕی ناو ئەو ناوەندە ئایینیانەی کوردستانن.

لە رۆژگاری نوێ و سەردەمی رابوونی ئیسلامیی و ئەو بێدارییە شکۆدارەی گەلانی موسڵمانیشدا گەلەکەمان دیسان تۆماری زێڕین و داستانی گەورەی هەیە کە پیاوە گەورەکانی ئیسلام ئەندازیارو خولقێنەری بوون، خەباتی سەرکردەکانی رابوونی ئیسلامیی کوردستان درێژکراوەی مێژوویەکی دوورو درێژی پڕلە فیداکاریی و تێکۆشانی رابردووی باپیران و نەوەکانی ئەم گەلە ماندوونەناسەیە، قۆناغی پڕلە سەروەری رابوونی ئیسلامیی بەری رەنجی دەیان پیاوی خواناس و کوردپەروەری گەلەکەمانەو دەرەنجامی ئەو بانگەوازو خوێن و فرمێسکەیە بۆ خوا بەخەرج دراوە.

زاناو سەرکردەی ئایینی مامۆستا مەلا عوسمان و هاوسەنگەرە دڵسۆزەکانی وەك پیاوە نەترسەکەی رۆژی تەنگانە مامۆستا مەلا عەلیی و زانای خاوەن هزرو خامەی بەبرشتی ناو سەنگەری جیهاد مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحمودو گۆشکراوەکانی ناو ژوانگەی شەهادەتو خۆنەویستی مەلا عەلی بیارەو مامۆستا شەریف و مامۆستا عەبدوللە تیفی پێنجوێنی و مەلا مەغدیدو مامۆستا عەبدوللە تیفی واژەیی و مەلا وریاو مامۆستا بابەشێخ سەرگەتیی و مەلا ئەحمەدی سینەمۆکیی و مامۆستا سیف الدین بامۆکیی و گشت ئەو رۆڵە جوامێرانەی کە سەنگەری

ئیسلامخوازییان ئاوەدان کردەوە، ئەوانە بوون دینەمۆی ئەم رابوونی ئیسلامییەی کوردستان بۆ ئەوەی رەوتی ئەم کاروانە شکۆدارە بەردەوام بێت تا بەنەوەکانی ئایندە دەگات.

لەیادی ساڵوەگەری کۆچی دوایی یەکێك لە سەرکردەکانی بزاڤی ئیسلامیی کوردستان و ناوچەکەدا دەژین کە ساڵانێکی دوورو درێژ لەگەڵ کۆسپ و کێشەکانی بەردەم بانگەوازی ئیسلامیدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەهێزدابوو تا توانی چۆك بەزۆربەیاندا بدات و لەگەڵ بیروباوەڕەکەیدا راستگۆیانە رۆژە پر خێرەکانی ژیانی تێپەرێنێت و دواجار بەسەربەرزییەوە بگەرێتەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆی.

ئەحمەدی کاکە مەحمود زەخیرەیەکی پر بەرەکەتبوو بۆ رابوونەکەی کوردستان و دەنگێکی پرلە ورەو کۆڵنەدان و خاوەن مێزەرێکی سپی بوو، سپی نەك تەنها وەك رەنگ، بەڵکو سپی لەجەوهەرو ماهیەتی کردەوەدا، لەگەرمەی ململانیێ و ترۆپکی ستەمی بەعس و تەواغیتەکانی ناوچەکەدا، مامۆستا ئەحمەد بەدەم بانگەوازی مورشیدو مامۆستاکەیەوە چوو، وەڵام و سەدای ئەو سەرکردەیەو مامۆستا عەمامە خاوێنەکانی تری هاوسەنگەری، کاروانی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێ بەرێخرا، ئەو بزووتنەوەیەی کە لە بارودۆخێکی هەستیارو چارەنووسسازدا سەنگەرەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمانی جۆش دایەوە.

یادەوەری رەمزەکانی نەتەوەو سەرکردەکانی گەل و زانا دڵسۆزەکانی ئیسلام دەربرینی وەفادارییە بۆ ئەوان و دووپاتکردنەوەی مانەوەمانە لەسەر رێبازو بەرنامەکەیان، تازەکردنەوەی ئەو بەڵێنەیە لەژیاندا پێمان دابوون کە سەربازو موجاهیدی رۆژی تەنگانەو قوتابی قوتابخانە پیرۆزەکەی ئیسلام و شوێنکەوتەی پێشەوا گەورەکەمان پێغەمبەری ئازیزبین، ئەوان هەر ئەوەیان دەویست و ئێستاش ئێمە هەر ئەوپەیمانەیان پێ دەدەینەوە.

